# سەبارەت بە ڕەمەزان

**باوکی حارث**

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسول الله وعلى اله وصحبه اجمعين :

ئەم پەیامە بابەتێك بوو لە ژوری کوردی نەتەوەیی لە پالتالك پێشکەشم کرد بە بۆنەی مانگی ڕەمەزان ، لەبەر گرنگی بابەتەکەو ئەو باسانەی تیایەتی پێم خۆش بوو بە نوسینیش بلاوی بکەمەوە_پاش ئەوەی پێیدا ئەچمەوە_ بەلکو ئەو ئایەتە بێنینە دی کە خوای بەرز ئەفەرموێ ﴿ وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنفَعُ الْمُؤْمِنِينَ ﴾ الذاريات ٥٥ .

**فەزلی ڕەمەزان**

خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿ شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِيَ أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ ﴾ البقرة ١٨٥ واتە : ( مانگی ڕەمەزان کە قورئانی تیا دابەزیوە هیدایەت و ڕێ نیشاندەری خەلکە وە ڕوون کردنەوەی تێدا لە هیدایەت و جیا کردنەوەی حەق و باتڵ ) .

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿ لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ ﴾ القدر ٣ واتە : ( وە شەوی قەدر خێر ترە لە هەزار مانگ ) ئەو شەوەش لە ڕەمەزاندایە .

وە لە فەزلی ئەو مانگە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ :

( من صام رمضان إيماناً واحتساباً غفر له ما تقدم من ذنبه، ومن قام رمضان إيماناً واحتساباً غفر له ما تقدم من ذنبه، ومن قام ليلة القدر إيماناً واحتساباً غفر له ما تقدم من ذنبه ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( هەر کەسێ مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بێ بە ئیمانەوەو چاوەڕوانی پاداشتی بێ لە لای خوا ئەوە خوا لە تاوانەکانی پێشوی خۆش ئەبێت ، وە هەر کەسێك مانگی ڕەمەزان هەلسێت بە شەو نوێژ بە ئیمانەوەو چاوەڕوانی پاداشتی بێ لە لای خوا ئەوە خوا لە تاوانەکانی پێشوی خۆش ئەبێت ، وە هەر کەسێك شەوی قەدر هەلسێ بە شەو نوێژ و بە خوا پەرستی ئەو شەوە ئاوەدان بکاتەوە بە ئیمانەوەو چاوەڕوانی پاداشتی بێ لە لای خوا ئەوە خوا لە تاوانەکانی پێشوی خۆش ئەبێت ) .

## لەو مانگە بە ڕۆژوو بوون فەرزە لە سەر هەموو موسڵمانێك

خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ ﴾ البقرة ١٨٥

واتە : ( کەسێك ئەو مانگەی بینیو پێی گەیشت با بەڕۆژوو بێ تیایدا ) .

وە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ البقرة ١٨٣ واتە : ( ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە _بەخوا و بە پەیامەکەی_ ڕۆژووتان لە سەر نوسراوە_فەرز کراوە_ هەر وەك چۆن لە سەر ئەوانەی پێش ئێوە نوسرابوو _فەرز بوو_ بەڵكو تەقوای خوا بکەن _خۆتان لە تاوان بپارێزن بۆ ئەوەی خوا لێتان ڕازی بێت_ ) .

وە ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕمەزان بووە بە یەکێك لە ڕوکنەکانی ئیسلام پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( بني الاسلام على خمس : شهادة ان لا اله الا الله وان محمدا رسول الله واقام الصلاة وايتاء الزكاة وحج البيت وصوم رمضان ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( ئیسلام بنیات نراوە لە سەر پێنج کۆڵەکە ١- شاهێدی دان بەوەی تەنها الله شایانی پەرستنەو هەر شتێك ئەپەرسترێ بێجگە لەو پەرستنی باتڵەو پوچە ، وە شاهێدی دان بەوەی محمد صلى الله عليه وعلى اله وسلم پێغەمبەری خوایەو خوا ڕەوانەی کردووە بۆمان ٢- وە نوێژەکان بکەیت بە ڕێکی _پێنج نوێژ لە شەوو ڕۆژێکا_ ٣- وە زەکاتی ماڵت بدەی ٤- وە حەج بکەی بۆ کەعبە ٥- وە بە ڕۆژوو بیت مانگی ڕەمەزان ) .

## ئەوانەی کە بەڕۆژوو بوون لە سەریان فەرز نیە

١- نەخۆش

٢- موسافیر

٣- پیری بێ توانا

٤- ئافرەتێك لە سوڕی مانگانەی بێ یان لە کاتی زەیستانی بێ _نەزیفی پاش منداڵبوون_

٥- ئافرەتێ کە شیر دەر بێ یان سکی هەبێ

ئەمانە هەیانە ئەبێ ڕۆژووەکە بگرێتەوە لە کاتێکی تر وە هەیانە نایگرێتەوە تەنها فیدیە ئەدات کە لە جیاتی هەر ڕۆژێك تێر کردنی کەسێکی هەژارە .

نە خۆش و موسافیر و ئەو ئافرەتەی لە سوڕی مانگانە بێ یان زەیستانی بێ ئەبێ ڕۆژووەکە لە کاتێکی تر بگرنەوە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿ وَمَن كَانَ مَرِيضاً أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ﴾ البقرة ١٨٥ واتە : ( ئەگەر کەسێ لە ئێوە لە سەفەر بێ یان نەخۆش بێ با لە کاتێکی تر لە ڕۆژانی تر بە ڕۆژوو بێتەوە ) بەڵام ئەگەر کەسێك نەخۆشیەکی بەردەوامی هەبێ کە چاك بوونەوەی زەحمەتە ئەویش هەر فیدیە ئەدات و بەڕۆژوو نابێت .

وە لە عائیشەی دایکی بڕواداران خوا لێی ڕازی بێت ئەفەرموێ : ( كنا نحيض على عهد رسول الله صلى الله عليه وعلى اله وسلم فنؤمر بقضاء الصوم ولا نؤمر بقضاء الصلاة ) ترمذي وە غەیری ویش ریوایەتیان کردووە و ئەلبانی ئەڵێ سەحیحە واتە : ( ئێمە توشی سوڕی مانگانە ئەبوین لە سەر دەمی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمانمان پێ ئەکرا _لەلایەن پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وعلى اله وسلم _ کە ڕۆژوو قەزا بکەینەوە _لەکاتێکی تر بیگرینەوە_ وە فەرمانمان پێ نە ئەکرا کە نوێژ قەزا بکەینەوە _نوێژمان نە ئەکردەوە_ ) .

وە پیری بێ توانا یان ئافرەتی شیردەر و ئافرەتی دوو گیان _سکپڕ_ بەڕۆژوو بونیان لە سەر نیەو قەزاشی ناکەنەوە تەنیا فیدیە ئەدەن لە جیاتی هەر ڕۆژێك هەژارێك تێر ئەکەن خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿ وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ ﴾ البقرة ١٨٤ واتە : ( وەئەوانەی لە توانایانە بەڕۆژوو بن ئەگەر نەیگرن با فیدیە بدەن کە تێر کردنی هەژارێکە ) ئەمە یەکەم جار کە ڕۆژوو فەرز نەکرابوو ئەوەی نەیگرتا ئەبوا فیدیە بدا دوای ڕۆژوو فەرز کرا فیدیە دان تەنها مایەوە بۆ ئافرەتی شیر دەرو دوو گیان وە پیری بێ توانا وە هاتووە لە عبدالله ی کوڕی عباس ڕەزای خوایان لە سەر بێ لە سەحیحی بوخاری کە ئەم ئایەتەی خوێندەوەو فەرموی ئەمە نەسخ نەکراوەتەوە حوکمەکەی هەرماوە بۆ پیاوێکی پیر یا ژنێکی پیر کە ناتوانن بە ڕۆژوو بن لە جیاتی هەر ڕۆژەك هەژارێك نان ئەدەن و تێری ئەکەن .

وە هەر لەو ڕیوایەت کراوە لێی بە سەحیحی کە فەرمویەتی : ( ئەگەر ئافرەتێ سکی هەبێ بترسێ لە خۆی ، وە ئافرەتی شیر دەر بترسێ لە منداڵەکەی لە ڕمەزان ، ئەوە ڕۆژوو ناگرن و ئەیشکێنن ، وە لە جیاتی هەر ڕۆژەك هەژارێك نان ئەدەن و تێری ئەکەن ، وە قەزای ڕۆژووەکەش ناکەنەوە دووبارە نایگرنەوە ) طبري ریوایەتی کردووە شێخ البانی ئەڵێ سەحیحە لە کتابی ارواء الغليل وە چەند ریوایەتێکی تریشی هێناوەتەوە .

## مانای ڕۆژوو گرتن

ڕۆژوو گرتن : یانی خۆ گرتن لە خواردن و خواردنەوەو جووت بوون لەگەڵ ئافرەت و هەموو شتێکی حەرام .

## ئەو شتانە ڕۆژووەوان ئەبێ خۆی لێ بپارێزێ

ئەبێ کەسێك بەڕۆژوو بێ لە هەموو کاتێ زیاتر خۆی بپارێزێ لە قسەی پڕو پوچ و جنێو دان و کات بە فیڕۆ دان لە شتی بێ سوود پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( اذا كان يوم صوم احدكم فلا يرفث ولا يصخب ، فان سابه احد او قاتله فليقل اني امرء صائم) رواه البخاري واتە : ( ئەگەر لە ڕۆژێکی کەسێکتان کە بە ڕۆژوون ئەوە با قسەی

ناشیرین نەکات و دەنگە دەنگ لە گەڵ کەسا نەکات _کێشە لە گەڵ کەسا نەکات_ ئەگەر کەسێکیش جنێوی پێدا یان شەڕی لە گەڵ کرد با بڵێ من کەسێکی بە ڕۆژووم ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( من لم يدع قول الزور والعمل به والجهل فليس لله حاجة في ان يدع طعامه وشرابه ) رواه البخاري واتە : ( ئەوەی واز نەهێنێ لە درۆو کار کردن پێی وە واز نەهێنێ لە نەفامی ئەوە خوا پێویستی نیە بەوەی واز بێنێ لە خواردن و خواردنەوەی ) .

وە با ئاگادار بین مەرج نیە هەر ئەوە درۆ بێ کە تۆ مەبەستت بێ درۆ بکەی نا بەڵکو نابێ هەرچی ببیستی بیگێڕیتەوە بۆ خەڵك بێ ئەوەی بزانی ڕاستە یان نا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( كفى بالمرء كذبا ان يحدث بكل ما سمع ) رواه مسلم واتە : ( بەسە کەسێ کە درۆ بکا _ئەوەنە درۆیەی بەسە کە پێی بوترێ درۆ_ هەرچی ئەبیستێ بیگێڕێتەوە ) .

وە با لەوەش ئاگادار بین کە پێی ئەوترێ نوکتە بۆ پێکەنین ئەوترێ شتی هەڵبەستراوو درۆیە تەنها بۆ ئەوەیە خەڵك پێت پێکەنن پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( ويل للذي يحدث فيكذب ليضحك به القوم ويل له ويل له ) صحيح الجامع ٧١٣٦ واتە : ( وەیل _دۆڵێکە لە جەهەننەم_ بۆ ئەو کەسەی قسە ئەگێڕێتەوە و درۆ ئەکات بۆ ئەوەی خەڵك پێی پێکەنن وەیل بۆی وەیل بۆی ) .

## دوو شتی گرنگ زمان و کات

باسی زمان : زمان یەکێکە لە نیعمەتە گرنگەکانی خوا بە ئێمەی بەخشیوە وە لەسەرمانە زۆر ئاگاداری بین لەوەی لە خراپەو شتی بێ سوود بەکاری بێنین خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿ مَا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ ﴾ ق ١٨ واتە : ( هەر لەفزێك لە زاری دەر بچێ ئیللا فریشتەیەکی بەسەرەوەیە چاودێری ئەکا و لە سەری ئەنوسێ و تۆماری ئەکات ) .

وە لەو فەرمودەی کە معاذ ی کوڕی جبل خوا لێی ڕازی بێ ئەیگێڕێتەوە هاتووە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم : ( فاخذ بلسانه وقال : كف عليك هذا قلت يا نبي الله وانا لمؤاخذون بما نتكلم به ؟ فقال : ثكلتك امك وهل يكب الناس على وجوههم او قال على مناخرهم الا حصائد السنتهم ! ) رواه الترمذي وقال حديث حسن صحيح واتە : ( پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم زمانی خۆی گرت و فەرموی : ئا ئەمە ئاگاداری بەو بیپارێزە ! معاذ خوا لێی ڕازی بێ ئەڵێ ووتم ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئێمە بەوەش سزا ئەدرێین و لێمان ئەگیرێ کە قسەی پێ ئەکەین ؟ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرموی : دایکت سینگی بۆت بکوتێ ، جاچی وا ئەکا لە خەڵك

لە سەر ڕوو فڕێ بدرێنە ناو ئاگر یان وتی لەسەر لووتیان فڕێ ئەدرێنە ناو ئاگر ئیللا ئەوە نەبێ کە بە زمان دروێنەیان کردووە _لە خراپەو لە غەیبەت و درۆو ئەم تاوانانەی بە زمان ئەکرێ _ ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( من كان يؤمن بالله واليوم الاخر فليقل خيرا او ليصمت ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( هەر کەسێ بڕوای بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە با خێر بڵێ یان بێدەنگ بێ ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( من صمت نجا ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٥٣٦ واتە : ( ئەوەی بێ دەنگ بێ ئەوە دەربازی بووە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (أكثر خطايا ابن آدم في لسانه ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٥٣٤ واتە : ( زۆربەی تاوانەکانی نەوەی ئادەم لە زمانیەوەیتی ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( رحم الله عبدا قال فغنم ، او سكت فسلم ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٨٥٥ واتە : ( ڕەحمەتی خوا لە بەندەیەك کە قسە ئەکات ئەیباتەوە _پاداشت وەر ئەگرێ_ ، یان بێ دەنگ ئەبێت و سەلامەت ئەبێت _لە سزا_).

وە با ئا گاداری جنێو دان بین جنێو نەدەین بە هیچ موسڵمانێك بە تایبەت بە سەرکردەکان ئەمە کارێکی ناڕەوایەو تاوانی زیاترە لەوەی جنێو بە کەسێکی ئاسایی بدەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( من اهان سلطان الله في الارض اهانه الله ) صحيح الجامع ٦١١ واتە : ( هەر کەسێ ئیهانەی دەسەڵات دارێ موسڵمان بکا کە خوا دایناوە لە سەر زەوی ئەوا خوا ئیهانەی _سوکی_ ئەکا ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( سباب المسلم فسوق وقتاله كفر ) متفق عليه واتە : ( جنێو دان بە موسڵمان فاسقیە _دەرچوونە لە فەرمانی خوا_ وە شەڕکردن لە گەڵ موسڵمان کوفرە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( ليس المؤمن بالطعان ولا اللعان ولا بالفاحش ولا بالبذي ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٣٢٠ واتە : ( بڕوادار ئاوها نیە کە زۆر عەیب لە خەڵك بگرێ و قسەیان پێ بڵێ وە ئاوا نیە کە زۆر لەعنەت لە سەر زاری بێ وە ئاوا نیە کە جنێودەر بێ وە ئاواش نیە کە بێ شەرم بێو قسەی ناشیرین بکات ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( المسلم من سلم المسلمون من لسانه ويده ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( موسڵمان ئەو کەسەیە کە موسڵمانان لە زمانی و لە دەستی ئەمین بن ) .

وە ئاگادار بین لە غەیبەت کردنی موسڵمانان و گومان بردنی خراپ پێیان خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيراً مِّنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضاً أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتاً فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ ﴾ الحجرات ١٢ واتە : ( ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە خۆتان بپارێزن لە زۆربەی گومانەکان چونکە هەندێ گومان تاوانە وە بە سەر یەکەوە سیخوڕی مەکەن وە با هەندێکتان غەیبەتی هەندێکی ترتان نەکات ئایا کەسێك لە ئێوە پێی خۆشە کە گۆشتی براکەی بە مردویی بخوات هەموشتان ڕقتان لەمەیە لە خوا بترسن خۆتان لە سزای خوا بپارێزن بەوەی ئەم تاوانانە نەکەن خواش تەوبە وەر ئەگرێ و بە ڕەحمە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( اياكم والظن فان الظن اكذب الحديث ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( ئاگادارتان ئەکەمەوە لە گومان بردن چونکە گومان بردن لە هەموو قسەیەك درۆ ترە ) .

باسی کات : ئەبێ ئەوە بزانین کە ئێمە لە دونیا هەتا هەتایە ناژین کاتێکمان بۆ دیاری کراوە کە کۆتایی ژیانمانە ناشزانین کەی ئەو کاتە دێ جا با زۆر وریا بین و زۆر ئاگادار بین لەوەی ئەو کاتە کەمەی بە دەستمانەوەیە بە فیڕۆی بدەین و سوودی لێ نەبینین ، با بزانین کاتمان زۆر بە دەستەوە نەماوە بەیانی مردنەو بەیانیش نزیکە خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ لِغَدٍ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُون ﴾ الحشر ١٨ واتە : ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە لە خوا بترسن و خۆتان لە سزای خوا بپارێزن _بەوەی دوورکەنەوە لە تاوان و فەرمانەکانی جێ بەجێ بکەن_ با هەر نەفسەو سەیر بکا چی ناردووە بۆ بەیانی _کە حیسابی لە گەڵ ئەکرێ_ وە لە خوا بترسن و خۆتان لە سزای خوا بپارێزن _بەوەی دوورکەنەوە لە تاوان و فەرمانەکانی جێ بەجێ بکەن_ بە تەئکید خوا زانایە بە هەمو ئەو کردەوانەی ئەیکەن بە ئاشکراو نهێنی ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( كن في الدنيا كانك غريب او عابري سبيل ) رواه البخاري واتە : ( وا لە دونیا بژی وەك کەسێکی غەریب یان وەك کەسێکی ڕێبوار ) . وكان ابن عمر يقول : ( اذا امسيتَ فلا تنتظر الصباح واذا اصبحت فلا تنتظر المساء وخذ من صحتك لمرضك ومن حياتك لموتك ) واتە : ( وە عبدالله ی کوڕی عمر خوا لێیان ڕازی بێ ئەی فەرموو : ئەگەر شەوت بەسەر داهات ئەوە چاوەڕێی بەیانی مەکە ، وە ئەگەر بەیانیت بە سەر داهات ئەوە چاوە ڕێی شەو مەکە ، وە لەو کاتەی تەندروستیت باشە کردەوەی چاك بکە بۆ ئەو کاتەی کە نەخۆشی بۆت ناکرێ ، وە کە لە ژیانی کردەوەی چاك بکە بۆ مردنت )

وە لە ڕیوایەتێك ئەوەشی فەرمووە : ( وعد نفسك فى اهل القبور ) واتە : ( وە خۆت وا بژمێرە کە لە ئەهلی گۆڕستانی _لە ناو گۆڕیت_ ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وعلی الە وسلم ئەفەرموێ : ( نعمتان مغبون فيهما كثير من الناس الصحة والفراغ ) رواه البخاري واتە : ( دوو نیعمەت هەن زۆربەی خەڵك لێی بێ ئاگان _وەك پێویست سوودی لێ وەرناگرن_ ئەویش تەندروستی باش و هەبونی کات ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وعلی الە وسلم ئەفەرموێ : ( لا تزول قدما ابن ادم يوم القيامة من عند ربه حتى يسال عن خمس : عن عمره فيما افناه وعن شبابه فيما ابلاه وماله من اين اكتسبه وفيما انفقه وماذا عمل فيما علم ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٩٤٦ واتە : ( پێی نەوەی ئادەم ناجولێ لە ڕۆژی قیامەت لە لای پەروەردگاری تاوەکو لە پێنج شت پرسیاری لێ نەگرێ : لە تەمەنی لە چی بە سەری برد ، وە لە گەنجێتیەکەی بە چی پیری کردوو لەچی بە کاری هێنا ، وە لە ماڵەکەی لە کوێ پەیدای کردووە وە لە چی سەرفی کردووە وە چی کردووە بەو زانستەی هەیبووە_ زانستەکەی چۆن کاری پێکردووە یان نەیکردووە_ ) .

دەبا زۆر ئاگادار بین بزانین ئەو کاتەی هەمانە پرسیارمان لێ ئەکرێ لە سەری کە لە چی سەرفمان کردووە ، وە با خۆمان خەریك نەکەین بە دەمە دەم کردن و جیدال و موناقەشەی بێ سوود و کاتمان بە فیڕۆ بدەین پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وعلی الە وسلم ئەفەرموێ : ( من ترك المراء وهو مبطل بني له بيت في ربض الجنة ، ومن تركه وهو محق بني له في وسطها ، ومن حسن خلقه بني له في اعلاها ) صحيح الترغيب والترهيب ١٣٤ واتە : ( ئەوەی واز بێنێ لە دەمە دەم و جیدال کە خۆشی لە سەر حەق نەبێ ئەوە ماڵێکی بۆ دروست ئەکرێ لە لایەکی بەهەشتا ، وە ئەوەی وازی لێ بێنێ و لەسەر حەقیش بێ ماڵێکی بۆ دروست ئەکرێ لە ناوەڕاستی بەهەشتا ، وە هەر کەسێ ڕەوشتی خۆی جوان بکات ئەوە ماڵێکی بۆ دروست ئەکرێ لە بەرزایی _بەرزترین شوێنی_ بەهەشت ) .

دەبا خۆمان بپارێزین لە ڕق لەیەك گرتن و نزاع و دەمە دەم ئایا نامانەوێ ماڵێك لە بەهەشت مسۆگەر بکەین !؟ وە بزانین پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وعلی الە وسلم ئەفەرموێ : ( ان ابغض الرجال الى الله الالد الخصم ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( لە هەموو پیاوێ زیاتر خوا ڕقی لێ بێتەوە ئەوەیە کە توندو تیژ بێ لە کاتی نزاع و کێشەی لە گەڵ خەڵکا ) .

# لە کۆتایی

ئەو مانگە مانگی خێرە با لە دەست خۆمانی نەدەین پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( ان هذا الشهر قد حضركم ، وفيه ليلة خير من الف شهر ، من حرمها فقد حرم الخير كله ، ولا يحرم خيرها الا محروم ) صحيح الترغيب والترهيب ٩٩٠ واته : ( ئەو مانگە هاتە لاتان ، وە شەوێکی تیایە خەیر ترە لە هەزار مانگ ، هەر کەسێ لە خەیری بێ بەش بێ ئەوە لە هەموو خەیرێك بێ بەش بووە ، وە کەسێك لە خێری بێ بەش نابێ ئیللا ئەوەی خۆی بێ بەش بێ ) .

ئیتر تا دەرفەتمان بە دەستەوەیە با تەوبە بکەین و واز بێنین لە تاوان و خراپە پێش ئەوەی کۆتایی بێ بە ژیانمان و ئەو کاتە تەوبە سوودمان پێ نەگەیەنێ خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿ وَلَيْسَتِ التَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ حَتَّى إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ إِنِّي تُبْتُ الآنَ ﴾ النساء ١٨ واته : ( وە تەوبە بۆ ئەو کەسانە نیە کە تاوان ئەکەن تا مردن ئەگاتە سەریان ئینجا بلێ ئێستا تەوبە ئەکەم ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( ان الله عز وجل يقبل توبة العبد ما لم يغرغر ) ترمذي وقال حديث حسن واته : ( خوای عز وجل تەوبەی بەندە وەرئەگرێ تا ڕۆحی نەگەیشتبێتە گەروی غەر غەرە بکات ) .

وە خوای بەرز بە ڕەحمە هەر کەسێك بە ڕاستی تەوبە بکات و پەشیمان بێتەوە لە تاوانەکانی خۆش ئەبێ بەڵکو ئەگەر ڕاستگۆ بێ لە تەوبەکەی تاوانەکانیشی بۆ ئەکا بە چاکە ! خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿ وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهاً آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَاماً . يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَاناً . إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلاً صَالِحاً فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُوراً رَّحِيماً ﴾ الفرقان ٦٨-٧٠ واته : ( وە ئەوانەی لەگەڵ خوا داوا لە کەسێکی تر ناکەن _کەسێك ناکەنە شەریکی خوا_ وە نەفسێك ناکوژن کە خوا حەرامی کردووە ئیللا بە حەق نەبێ وە زینا ناکەن هەر کەسێك ئەمانە بکا توشی سزا ئەبێت . سزای بۆ زیاد ئەبێ لە ڕۆژی قیامەت وە لە سزا ئەمێنێتەوە هەتا هەتایە بە ڕیسوایی و سوکی . ئیللا ئەوەی تەوبە بکا وە بڕوا بێنێ وە کردەوەی چاك بکا ئەوانە خوا تاوانەکانیان بۆ ئەگۆڕێ بە چاکە وە خواش لە تاوان خۆش ئەبێو بەزەییە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( لو اخطاتم حتى تبلغ خطاياكم السماء ، ثم تبتم لتاب عليكم ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٩٠٣ واته : ( ئەگەر تاوان بکەن تا تاوانەکانتان ئەگات بە ئاسمان _ئەوەنە زۆر بێ_ پاشان تەوبە بکەن خوا تەوبەتان لێ وەر ئەگرێ )

ئیتر با لەو ڕەحمەتەی خوا خۆمان بێ بەش نەکەین و تا زووە تەوبە بکەین خوا یارمەتی دەری هەموو لایەکمان بێت و لە خەیری ئەو مانگە بێ بەشمان نەکات و تەوبەمان لێ قبوڵ بکات .